ئەوەی باوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی هەیە؛ ئەوا با قسەی خێر بکات یان بێدەنگ بێت

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی باوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی هەیە؛ ئەوا با قسەی خێر بکات یان بێدەنگ بێت، ئەوەی باوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی هەیە؛ ئەوا با ڕێز لە دراوسێکەی بگرێت، ئەوەی باوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی هەیە؛ ئەوا با ڕێز لە میوانەکەی بگرێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە بەندەی ئیماندار بە الله وڕۆژی قیامەت کە گەڕانەوەی بۆ ئەوێیە ولەوێ لەسەر کردەوەکانی پاداشت دەدرێتەوە، ئیمانەکەی هانی دەدات بۆ ئەنجامدانی ئەم ڕەوشتە جوانانە: یەکەم: قسەی جوان: لە تەسبیح وتەهلیل (ووتنی: سبحان الله و لا إله إلا الله)، وفەرمان بەچاکە ونەهی لە خراپە، وبەدیهێنانی ئاشتەوایی لەنێو خەڵکی، وئەگەر ئەمانە نەکات ئەوا با بێدەنگ بێت وزیان وئازاردانی خۆی بەدوور بگرێت لە مسوڵمانان وزمانی بپارێزێت. دووەم: ڕێز گرتنی دراوسێ: ئەمیش بەچاکەکاربوون بەرامبەری وئازار نەدانی. سێیەم: ڕێز گرتنی ئەومیوانەی سەردانت دەکات: بە وشەی جوان وپێشکەشکردنی خواردنی چاک وهتد.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5437